


عەتا قەزاز - 1957

بەختیار سەعید



# عەتا قەزاز

## لەبڵاوكراواكانی مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان

- ناوی كتێب: عەتا قەزاز
- بابەت: شێوەكاری
- ئامادەكردنی: بەختیار سەعید
- دیزاین: جەلیل حسێن
- هەڵەچن: ژاوێن شاڵی
- تیراژ : (1500) دانە
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارە ( 1149 )ی ساڵی (2012)ی پێدراوە.
- مافی چاپكردنی پارێزراوە بۆ مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان.

## سوپاسی تایبەتیم بۆ بەڕێزان:

- مەکتەبی ڕێکخراوە دیمکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەرکی چاپکردنی کوڕاسەکەی لەئەستۆ گرت.
- جەلیل حسێن کە دیزانی بەرگ و ناوەوەی لە ئەستۆگرت.

**ڕەنگەکانی هونەرمەند عەتا قەزاز وشە دەدرکێنن، باس لە زمانی هیوا بوون دەکەن، ئاسمانەکانی وەکو ڕەنگەکانی پرچی ئایشێ و فاتمە وان، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنگە شینە پاکەدا ڕۆحی گەلێکی تێدایە کە داوای ئاشتی و ژیان دەکات لەگەڵ ئازادی و برایەتییەکی پتەودا.**

**ڤیتۆریۆ فێراری**



عەتا قەزاز سلێمانی - گەرەکی حاجی حان- 1956

## بیبلۆگرافیای عەتا قەزاز

- 1947 لە سلێمانی لەدایکبووە.

- 1965 چۆتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا.

- 1970-1971 بووە بە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەکانی ناو شاری سلێمانی.

- 1979 بۆ خوێندن چۆتە ئیتالیا و لەشاری پیرۆجیا لەبەشی شێوەکاری و لەساڵی 1984 تەواویکردووەو لە ساڵی 1988 بەشی پەیکەرسازی تەواوکردووە.

- لەساڵی 2000ەوە لە بەریتانیا دەژی.

- 1969 پێشەنگایەکی تایبەتی لە هۆڵی فایەق حەسەن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا کردۆتەوە.

1972- پێشەنگایەکی تایبەتی لە هۆڵی ناوەندی سلێمانی کچان کردۆتەوە.

- لەشاری پیرۆجیا-ی ئیتالی سێ پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە.

2011- پێشەنگای تایبەتی لە هۆڵی تەوار-ی شاری سلێمانی.

- هەروەها چەندین خەڵاتی هونەری زێڕین و ملوانکەی ئاڵتونی پێبەخشراوە.

- لەشارەکانی (کۆڤێنتەری، پێرمینگهام، لەندەن)ی بەریتانیاو پێنج پێشەنگای تایبەتی کردۆتەوە.

- بەشداری چەندین پێشەنگای هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، بەغدا، بەرلین، رۆما، پیروجای، پارۆن، نیگرار، هەروەها زۆربەی پیشانگەکانی کوردان لەدەرەوەی کوردستان لەدوای ساڵی 1979)ەوە بەشداریکردوە.

# پێشەکی

ناسینی من بۆ شێوەکار (عەتا قەزاز) بۆ ساڵی 2000 دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە بەمەبەستی ئاشنابوونم بە شێوەکارانی ساڵانی شەست و حەفتاکانی شاری سلێمانی عەوداڵی بەدەستهێنانی فولْدەری ئەو ساڵانەی شێوەکاران بووم. یەکێك لەو فولْدەرانەی کە دەستم کەوت فولْدەری پێشەنگایەکی شێوەکار (عەتا قەزاز) بوو، دواتر کە لەساڵی 2011دا دەستمکرد بە کارکردن لە پرۆژەی ئینسایکلۆپیدیای شێوەکاری کوردی جارێکیتر ئاشنابوونەکەم بە کارو بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە هێندەی تر فراوانی بەخۆوە بینی، لەدوای بینینم بۆ رۆژنامەکانی هاوکاری و رزگاری و گۆڤاری بەیان و رۆژنامەی (النور)، هەروەها ئاشنابوونم بەو نووسینانەی کە ئەم هونەرمەندە شێوەکارە لە دووتوێی رۆژنامەی (برایەتی)دا بڵاویدەکردەوە بەتایبەتی بابەتێکی بەناوی (مێژووی هونەری تەشکیلی کوردی) کە لەچەند بەشێك پێکهاتبوو.

دوابەدوای کرنەوەی پیشانگە تایبەتییەکەی هۆڵی تەوار لە ساڵی 2011دا ئەو ئاشنابوونە روو بەڕوو زیاتر بوو، ئیتر هەر لەو دانیشتنانەدا بوو کە بیرۆکەی درووستکردنی ئەم کوڕاسەیە خەملێنرا.

ئەم شێوەکارە بەهاودەمی کۆمەڵێك شێوەکاری تری شاری سلێمانی توانی بچێتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا و هونەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنێت، لەوانە (لەلا عەبدە، سمکۆ تۆفیق) لەهەمانکاتدا لەناو شاری سلێمانیدا کۆمەڵێك شێوەکاری تر هەبوون کە پێکەوە توانیویانە بناغەیەکی تر بۆ شێوەکاری لەم شارەدا دابرێژنەوە لەوانە (جەمال بەختیار، خالید زامدار، بێستون عەبدولقادر، سەید موحسین، عومەر دڵخۆش، دڵشاد ساحێبقران....هتد).

شێوەکار (عەتا قەزاز) دەڵێت (لەباشوری کوردستانداو لەساڵانی شەست وٚ حەفتاکاندا هونەری شێوەکاری کوردی بە ئەکادیمی بوونی بەخۆوە بینیوە لەدوای گەڕانەوەی ژمارەیەك لە شێوەکاران کە لە زانکۆکانی بەغداوە گەڕابوونەوە بۆ شاری سلێمانی و ببوونە مامۆستای هونەرو لەو رێگەیەوە توانیان کارێکی وا گەورە بکەن کە مانای هونەر بگەیەننە هەموو خەڵکی کوردستان، لەوانە خالید سەعید، ئازاد شەوقی، محەمەد عارف، عوسمان خاڵ، عەلی جۆلا، نوری ئیسماعیل، محەمەد سەعید، حەمە کاکە، لالە عەبدە، حیکمەت هیندی، حەمە جەزا، عادل جەلال، کامیل مستەفا، سمکۆ تۆفیق، عەلی لەتیف).

ئەم هەوڵەش یەکێکی ترە لەو پرۆژە ئەرشیفییە بەردەوامەی کە بۆ چەند ساڵێکە سەرقاڵی بووم، بەهیوای کارو زانیارییەکانی ناوٚ ئەم کوڕاسەیەش بەشێکی تر لەو هەژارییە پڕبکاتەوە کە ئەرشیفی هونەری شێوەکاری کوردی پێوەی دەناڵێنێت.

**بەختیار سەعید**

2011/12/25



عەتا قەزاز - قۆناغی یەکەمی پەیمانگا - 1966

# عەتا قەزاز..
# باشترین سەردەم کە سوودێکی زۆری بە من گەیاندبێت، ئەو کاتەی پەیمانگەو کارکردنم بوو لە ڕۆژنامەی (النور)

**سازدانی: بەختیار سەعید**

(عەتا قەزاز) وەکو شێوەکارێک خاوەن شێوازێک، لەو تەمەنەی کارکردنیدا توانیوێتی لەنێوان نیگارکێشان و پەیکەرسازی و نووسینی شێوەکاریدا تەمەنی کاری خۆی بەڕێوەبردووە، چ لەناو کوردستان و چ لەدەرەوەدا، سەرەتاکانی کاری هونەری ئەم شێوەکارە بۆ ساڵی 1960 دەگەڕێتەوەو تا ئێستاش واقیعی تەنها شێوازی کارکردنێتی، ژمارەی تابلۆکانی زۆرن لەوانە تابلۆکانی (ڕۆژی ڕەش، دڵداری شوان، کچە هەژارەکە، زەردەخەنە، ئافرەتێکی چاو شین، سواڵکەر، ڕاپەڕینی کورد)، ئەم دیدارە لەدوای هاتنەوەی بۆ شاری سلێمانی و کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەتی لە هۆڵی تەوار ئەنجامدراوە.

*** قۆناغەکانی تەمەنی کارکردنی عەتا قەزاز وەکو شێوەکارێک چۆن دەستپێیکرد؟**

- دەستمکردووە بە وێنەکێشان زۆر سەرسام بووم بە کارەکانی (محەمەدی تجویدی) لە ڕستە نووسراوەکانی رباعیاتی خەیام، هەروەها زۆر سەرسامی دەکردم بە تایبەتی لە ئاستی خەت و زەخرەفەداو چۆنێتی داڕشتن (الانشاء التصویری) ئەو کارانە ئێرانی بوو زیاتر جلووبەرگ و دیمەنەکان لەگەڵ وەزعی سروشتی کۆمەڵایەتی کوردستاندا دەگونجا، لەلایەکی تریشەوە بۆ من ئەوکاتە هیچ سەرچاوەیەکی هونەری ترمان نەبوو کە بەڕاستی بتوانین سوودی لێ وەربگرین بۆ ئەوەی خۆمانی لەسەر ڕابهێنین تەنها هەر ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەکانی شاردا دەفرۆشران لەوانە کتێبی هونەری وێنەکێشان، بەڵام ئەوکاتە کتێبی هونەری یەکێتی سۆڤییەت هەبوو بۆ نموونە کارەکانی (ڕیپین)و هەندێ هونەرمەندی تریش کە لەڕاستیدا زۆر سەرنجڕاکێش بوون، ئێمەش ئەگەر لەو کتێبانەمان دەست بکەوتایە درێغیمان لە نەقڵکردنی زۆربەی تابلۆکانی نەدەکرد، بەڵام گەورەترین کێشەی ئێمە ئەم سەرچاوانە بوو کە باسمکرد، پێش ئەوەی کە بیر لەوە بکەینەوە ئێمە کێین، واتا لە ساتەکانی هەرەسی لاویدا کە حەز لە گوڵ و سروشت و چیاو ڕووبارو

خانووی لادێ و هەڵپەڕکێ کوردییەکان و نەورۆزو زۆر شتی تریش دەکەیت.

*** لەساڵانی شەست و حەفتاکاندا لەناو شاری سلێمانی دوکانی فرۆشتنی تابلۆ هەبوە، هەروەها بوونی ماتریالی جیاواز بەکارهێنراوە، ئەو هونەرمەندانە کێ بوون کە دوکانی فرۆشتنی تابلۆیان هەبووە، هەروەها ئەو جۆرە ڕەنگە چی بووە کە لەو کاتەدا زۆر بەکارهاتووە؟**

- لەساڵانی (1960-1970) لە شاری سلێمانی هەندێک دوکان هەبوو تابلۆی هونەرمەندانی هەبوو بۆ فرۆشتن، بەڵام هەندێک کاری تری هونەری هەبوون کە ئەو کاتە کۆمەڵێک نیگارکێش کێشابوویان لەسەر پارچەی داری گوێز، یان بەڕوو، یان توو، لەسەرلا قاش قاش دەکرا و دابەش دەکرا بەسەر ئەو شێوەکارانەی کە بە تایبەت لایەنی داراییان بەش نەبوو کە دواتر بتوانن لە دوکانەکانیاندا بیفرۆشن، بەڵام هەندێک کەسانی دوکانداری تریش هەبوون وەکو باوی سەردەم دوکانەکانیان بە تابلۆی شێوەکارێک دەڕازاندەوە ئەوەش کارێکی زۆر باش بوو بۆ هاندانی شێوەکارەکان کە کارو بەرهەمی زیاتریان هەبێت لەو شێوەکارانە (جەمال بەختیار، خالید زامدار، عەتا قەزاز، بێستون عەبدولقادر، سەید موحسین، عومەر دڵخۆش، دڵشاد ساحێبقڕان) و زۆری تر کە ئێستا بەدوای لێبوردنەوە ناوەکانم لەبیر ناماوە.

ئەو ڕەنگانەی کە بەکاریان دەهێنا وەکو ماتریاڵ ڕۆنی بوو، واتا ئەو بۆیەی کە لەدەرگاو پەنجەرە دەدرا چونکە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە لەبەرامبەر گەرماو سەرمادا، جگە لەوە هیچ جۆرە بۆیەکی تر نەبوو، سەرەتا ئەو پارچە مەعاکسە، یان فایبەرە ئامادە دەکرا، ئەگەر بەوشێوەیە ئامادە نەکرا لەدوای ماوەیەکی کەم تێکدەچوو.

ئەو دوکانانەی کە من بیرم بێت دوو دوکان بوو لە بازاڕی عەسری کە خاوەنەکانیان بەناوەکانی (شەفیق، نامیق) هەروەها دوکانی کاک جەلالی بەڵێن کە ئەویش تابلۆکەی من بۆم کێشابوو کە دیمەنێکی سروشتی کوردستان بوو، هەروەها شیرینی کاک (ئەحمەد چاوشین) لەو شوێنەدا بوو کە ئێستا (ڕەشە مۆڵ)ە ناوی (ساردەمەنی و شیرینی گوڵزار) بوو، هەروەها ئەنوەری ساڵح ڕەشە شوێنێکی تایبەتی کردەوە و من وەکو خواردن و خواردنەوە کە دیوارەکانی بە تابلۆکانی من ڕازێنرابوونەوە کەنەقڵی تابلۆی شێوەکارە جیهانییەکانی وەکو (مانێ، مۆنۆ، ڕێنوار، دێگا) پێکهاتبوون، هەروەها چاپخانەکەی (عەلی لالە ئەمین)یش چەند تابلۆیەکی منی تێدابوو.

بەڵام وەکو دوکانی هونەرو خۆشنووسی کە لە ساڵی 1961وە هەبوو دوکانەی من و (خالید زامدار) بووە کە زۆرجاریش کاک جەمال بەختیار و مامۆستا ئازاد شەوقی سەردانیان دەکردین و ببووە نیشتەجێی کۆمەڵێک هاوڕێ لەوانە (ڕەحیم ڕەمەزان، هوشیار کامیل صابونچی، فەرهاد فوئاد قەفتان، حەمە سالح سامسام، بێستون حەمە ئەمین ئەفەندی، عەلی حاجی سەعە ڕەش، رەئووفی حاجی سەعە ڕەش، ئەنوەر شنروێ، سەردار) کە وێنەکان بە بۆیەی ڕۆنی کە بەناوی (الحكيم) بوو ئەنجام دەدرا.

*** هەندێک ساڵانی شەست و حەفتاکان بە ساڵانی بە ئاکادیمی بوونی هونەری شێوەکاری کوردی دەزانن لە باشوری کوردستان، ئەگەر وایە چۆن بووەو ئەو شێوەکارانە کێ بوون و زۆرترین ستایلی کارکردن**

چی بووە؟

- لەباشوری کوردستان ساڵەکانی شەست و حەفتاکاندا هونەری شێوەکاری کوردی بەئاکادیمی بوونی شێوەکاری کوردی ئەژمار دەکرێت، بەهۆی گەڕانەوەی کۆمەڵێک لەو هونەرمەندانەی کە لە زانکۆکانی بەغداو دەرەوەدا گەڕانەوە بۆ شاری سلێمانی ئەو قۆناغی بە ئەکادیمی بوونە درووست بووە، لەو شێوەکارانە (خالید سەعید، ئازاد شەوقی، تاهیر ئیبراهیم، محەمەد عارف، عوسمان خاڵ، شێرزاد شەوقی، عەلی جۆڵا، نوری ئیسماعیل، محەمەد کاکە، محەمەد سەعید، لالە عەبدە، عەتا قەزاز، حیکمەت هندی، حەمە جەزا، عادل جەلال، ئیسماعیل خەیات، کامیل مستەفا، سمکۆ تۆفیق، بیستون عەبدولقادر) کە هەریەکەیان لەڕێگای خۆیەوە توانیویانە واتاکانی هونەری بە خوێندکاران و خەلکی بگەیەنن، زۆرترین کارەکانیان ئینتباعی و واقیعی ئیشتراکی بووە.

*** لەکاتی خوێندنت لەبەغدا یەکێک بوویت لەو خوێندکارە شێوەکارانەی کە ئاوێتەی دنیای ڕۆژنامەوانی بوویت بە وێنە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە بە نووسین لەسەر مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی، ئەم ئەزموونە چۆن دەستپێکردو چەندە سوودمەند بوو بۆ تۆ؟**

- لەساڵی 1960 لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیرام، هەر ئەو ساڵە ڕۆژنامەی (التاخی) هەبوو لەبەغدا، بۆ چەند مانگێک لەو ڕۆژنامەیە بەشێوەیەکی خۆبەخش کارمدەکرد، لەساڵی 1966 ڕۆژنامەی (النور) دەردەچوو شێوەکار (خالید سەعید) لەوێ کاریدەکرد، من و شێوەکار (لالە عەبدە) مامۆستا (خالید سەعید)مان دەناسی و پێی وتین بۆ نایەن کارمان لەگەڵدا بکەن بۆ ڕۆژنامەکە، کەچووین کاک (عەباس ئەلبەدری) لێپرسراوی لاپەڕەی (الادب و الحیاە) بوو کارمان دەستپێکردو هەر لەوێ مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)مان ناسی کە پیاوێکی زۆر ناسک و قسە نەستەق بوو، هەر لەو ماوەیەدا تابلۆیەکم پێشکەشکرد، پاش ماوەیەک تابلۆکەی بۆ هێنامەوەو وتی مناڵەکانم دەڵێن ئەم تابلۆیە زۆر خەفەتباری تێدایە، ئێمە هەموو ژیانمان خەفەت و ناخۆشی بووە با تابلۆیەکی دڵخۆشمان بۆ بکات، هەروەها کۆمەڵێک شۆڕشگێری تریشم هەر لەوێ ناسی لەوانە شەهید (ئارام)، فازیلی مەلا مەحمود، مامۆستا حسێن حوسنی ڕۆژنامەنووس، مامۆستا حلمی عەلی شەریف، روشدی عەلی شەریف، جەلالی میرزا کەریم، هەر بەهۆی کاک جەلال-ەوە لە گۆڤاری بەیان و ڕۆژنامەی هاوکاری ئیشم دەکردو زۆربەی شاعیران و ئەدیبانم لەوێ ناسی و ڕۆژانە لە لاپەڕەکانی ئەوکاتەدا کارەکانم بڵاودەبوونەوە، بەهۆی ئەمانەوە نووسین بووە یەکێک لەو کارانەی کە ئارەزووم دەکرد و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی هونەر لە گۆڕەپانی کوردستاندا لە مێژووە کۆنەکانەوە تاوەکو ئەو سەردەمەوە زۆرجار لە ڕۆژنامەکانی (هاوکاری، ژین، ژیان) و گۆڤاری (بەیان) و چەند ڕۆژنامەیەکی عەرەبی وەکو (الشباب) بابەتم بڵاوکراوەتەوە، هەروەها کاری دیکۆری شانۆیشم کردووە لە سلێمانی و بەغدا، دەتوانم بڵێم باشترین سەردەم کە سوودێکی زۆری بە من گەیاندبێت ئەو کاتەی پەیمانگەو کارکردنم بوو لە ڕۆژنامەی (النور) کە سوودی هەبوو لە ڕووی ئابوری و ڕۆشنبیری و دەروونییەوە، چونکە هەر لەو ڕێگایەوە بوو کە من وەکو شێوەکارێک ناسرام و چیرۆکنووسە عەرەبەکانیش هانایان بۆ دەهێنام بۆ نەخشکردنی بەرگی کتێبەکانیان

لەوانە (ئەدمون صبری)، هەربۆیە کاتێک گەڕامەوە بۆ سلێمانی توانیم لەناو ڕۆژنامەکانی ناو سلێمانی بابەت و نوسین سەبارەت بە هونەرو هونەرمەندانی کورد بنووسم، بەتایبەت لە ڕۆژنامەی (ژیان) لەلای مامۆستا (کاکەی فەلاح) و چەند ڕۆژنامەیەکی تریش.

*** هاتنەوەی ئەو شێوەکارانەی لەدوای خوێندنیان لەبەغداو بوونیان بە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەکاندا چەندە هۆکار بوو بۆ چوونە پێشەوەی هونەری نیگارکێشان لە قوتابخانەکاندا؟**

- هاتنەوەی هەموو ئەو خوێندکارانەی کە لە زانکۆو پەیمانگە هونەرییەکانی عیراق گەڕانەوە بۆ کوردستان نەک تەنها لەبەشی شێوەکاریدا، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی تریشدا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ پێگەیاندنی هەزارەها قوتابی بە بیرووباوەڕی تازەو تێگەیشتنی هونەرو حەزکردن بە هونەرو شێوەکانی هونەر، بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی کە بەجوانی وانەیان بە هەزاران خوێندکار دەوتەوەو فێری جوانییەتی و خزمەتگوزاری هونەر بەرامبەر بە میللەت و بەرامبەر نیشتمان دەبێت چی بکرێت، ئێستاش سەدەها خوێندکار دەبینمەوە کە سەرسام بوون بە کەسایەتی مامۆستاکان و هونەرەکەیان، کە ئەم سەرسامییە لەخۆوە درووست نەبووە، کە تائێستا کە دەمانبیننەوە بەڕێزێکی زۆرەوە پێشوازیمان لێدەکەن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە توانیوومانە خۆمان لەناو دڵی ئەواندا جێگیر بکەین کە هەندێکیان بوونەتە میوزیکار، شێوەکار، نووسەر، شاعیر، کە بەڕاستی نەوەیەکی ڕۆشنبیرو جوان درووست بوون لە کوردستاندا، وەکو خۆم شانازیان پێوەدەکەم.

*** لەدوای چوونە دەرەوەت و خوێندنت لە ئیتاڵیا چی لەدنیابینی تۆ گۆڕی و ئەو کاریگەریانە چی بوون لەسەرت؟**

- پاش ئەوەی ساڵی 1979 کە چوومە ئیتاڵیا بەو نیازە ڕۆیشتم کە تەنها بۆ گەشتووگوزار بێت و سێ مانگ لەو وڵاتەدا بمێنمەوە، ئیتاڵیا لە وەرزی هاویندا وەکو بەهەشت وایە، منیش لەو وەرزەدا گەیشتەمە ئیتاڵیا، لەم وەرزەدا لەهەموو جیهانەوە ڕوودەکەنە ئەم وڵاتەو سەردانی شوێنەوەرەکان دەکەن، هەربۆیە کات نییە بۆ سەردانی شوێنەوەرەکان، یان گەلەری و مۆزەخانەکان، یاخود سەردانی کام پیشانگەو شار بکەیت، هەموو شەقامەکان ڕازێنراوەتەوە بەکاری هونەری جوان بەتایبەت لە شاری فلۆڕەنسا کە پایتەختی مایکل ئەنجیلۆ و جیوتۆو بۆتشیللی و لیوناردۆ داڤنشی و دانتی بووە، ئەو کاتەی کە من گەیشتمە ئەوێ ئەم هاوڕێ هونەرمەندانەشم لەوێ بوون لەوانە (لەلا عەبدە، ئاسۆ سدیق، سمکۆ تۆفیق، ئازاد ئەحمەد، قەرەنی جەمیل، فوئاد عەلی، حەمید ڕەفیق، حەمید دەروێش، حەمید کەرکوکی، جەلال ڕەئووف، بەختیار سور، حەمە جەزا، ....هتد) هەربۆیە هەستمکرد ئەو ژیانەی کە من دەمەوێت تیایدا بژیم ئەم وڵاتەیە بەمەرجێک بخوێنم، داوای وەرگرتنم کرد لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی پیروجا و ڕۆژی 1979/9/9 دەستمکرد بە خوێندن، لەگەڵ هونەرمەندان (ئەلبیرت عیسی، جەلال رەئووف، حەمە جەزا، بەختیار سور) خانوویەکمان گرت و پێکەوە دەژیایین.

ئیتاڵیا وەکو وڵاتێکی خاوەن مێژوویەکی هونەری باڵا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر من هەبوو بەتایبەت وڵاتێکی جوان و پڕە لە گەلەری و مۆزەخانە و کاری هونەری، لەم ئەکادیمیایەدا چەند بەشێکی تریش هەبوو کە ئەویش بەشەکانی (فۆتۆگرافی، دیکۆرەیشن، چاپەمەنی لەسەر بەردو کاغەز تەختە، سایکۆلۆژی، زانستی فەلسەفە)ی تێدا بوو.

*** کردنەوەی پیشانگە تایبەتییەکانت لەدەرەوەی کوردستان چ جیاوازییەکی بۆ تۆ هێناوەتە گۆڕێ لە شێوازی دیاریکردنی ڕەنگ و سیمایەک کە دەکرێت ناسنامەیەک بێت بۆ تۆ وەکو شێوەکارێکی کورد؟**

- کردنەوەی گشت ئەو پیشانگەیانەی کە لە دەرەوەی کوردستان کردوومەتەوە بەوەی کوردستانیشەوە وەکو کاری هونەری هیچ جیاوازییەکم لەئیشەکانمدا نەکردووە بۆ ئەوەی هەندێ شێواز لە ئەوروپاوە، هەندێک شێواز لە کوردستانەوە بێنم، نەخێر هەمان شێوازی کارکردنمە کە لە کوردستان بووم، کارەکانم لەناو کوردستان و دەرەوەشدا بینەری تایبەتی خۆی هەیە چونکە کارەکان هەڵگری سیمای نەتەوەیی و جیهانی پێوەیە لەڕێگای ڕەنگ و بابەت و داڕشتنەوە توانیوومە سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

*** هۆکار چییە کە لە ئیتاڵیا لەجیاتی نیگارکێشان پەیکەرسازیت خوێندووە؟**

- لە ئیتاڵیا بەتەنها پەیکەرسازیم نەخوێندووە، بەڵکو چوار ساڵ لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی شاری پێرجیا پەیکەرسازیم خوێندووە، هەروەها چوار ساڵ لەهەمان ئەکادیمیا هونەری نیگارکێشانم خوێندووە، هەروەها ساڵێک توێکاری لەشی مرۆڤم خوێندووە، هۆکارەکە ئەوەیە کە من پێش ئەوەی بچمە دەرەوە لەناو شاری سلێمانی خاوەنی یەکەمین پەیکەرم کە بۆ شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) لەساڵی 1970 لەبەردەم باخی گشتی دانرا، ویستم ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندتر بکەم.

*** لەدوای نیشتەجێ بوونتان لە بەریتانیا لە ساڵی 2000وە چەندە پیشانگەیەکی تایبەتیت کردۆتەوە، بەریتانیا لەبەرامبەر ئیتاڵیا بۆ کارەکانی تۆ چ گۆڕانکارییەکی هەبووە؟**

- هیچ گۆڕانکارییەک لە کارەکانی مندا نەبووە لەو کاتەی کە لە ئیتاڵیا بووم، ئێستاش کە لەبەریتانیا دەژیم، تەنها ئەوە نەبێت ئەزموون وەربگرم لەوەی کە ئەنجاممداوە، چونکە لەکار وەستان واتا فەنا بوون، جا بۆیە من نامەوێت خۆم و هونەرەکەم فەنا بن.

*** تا ئێستا خاوەنی چەند تابلۆیت؟**

- خاوەنی زۆر کاری هونەریم بە تایبەتی لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا، فەرەنسا، یۆگوسلافیا، چیک، سویسرا، سوید، دانیمارک) هەزاران پۆرترێتی خەڵکم دروست کردووە، جگە لەتابلۆی زەیتی و ئاوی و ئەکریلیک.



پیشانگەی تایبەتی عەتا قەزاز لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد لەگەڵ مامۆستاکانیدا - 1969



پیشانگەی هونەرماندانی کورد لە قوتابخانەی سورکێو - 1979



پەیکەری پیرەمێرد  بەردەم باخی گشتی سلێمانی- 1970




بەغداد - لالە عەبدە - عەتا قەزاز - 1968



ڤینیسیا 1982 لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی

## عەتا قەزاز:
# گۆیژە وەک رەمزێکە لەناو تابلۆکانمدا بەکاریدەهێنم

**بەرنامە: دیدگا**
**تەلەفزیۆن: گەلی کوردستان**
**ئامادەکارو پێشکەشکار: گۆران عەلی کەریم**
**ساڵ: 2011**

*** بینەرانی بەرنامەی دیدگا سڵاوتان لێبێت، لەبەرنامەیەکی نوێی دیدگادا پێک دەگەینەوە و دیداری ئەمجارەشمان رووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار عەتا قەزاز.**
**مامۆستا عەتا قەزاز یەکێکە لەو هونەرمەندە شێوەکارانەی کە توانیویەتی قورساییەکی گەورە ببەخشێت بە هونەری شێوەکاری کوردی، ئێستەش فەرموون با پێکەوە بەرەو رووی دیدگاکانی هونەرمەندی شێوەکار عەتا قەزاز بینەوە.**
- ساڵی 1947 لەمماڵەدا لەدایکبووم، لەگەڵ هەموو خوشک و براکانمدا، ماڵی مامم و ماڵی خۆمان و باپیرم هەمووومان لێرەدا بووین، کاتی خۆی ئەم ماڵە کانی و حەوزێکی زۆر جوانی تێدا بووە، هەروەکو حەوزی مزگەوتی حاجی حان، هەموو ئەو ماڵانەی کە ئاویان نەبوو هاتوون لێرە ئاویان بردووە. ئەوە ماڵی ئایشێ خلەیە، ئەوە ماڵی وەستا رەشید بوو،

ئەوە ماڵی جاجی غەفور بوو، هەموویان بەڕاستی کەسووکاری ئێمە بوون، ئەوە ماڵی حاجی سەعیدە، ئێمەوە وەکو خێزان تێکەڵ بووین، من هونەرمەندێکی شێوەکارم پێویستە زیاتر لە بەرهەمەکانمدا ئەو نیشانانە بەدەربکەون کە وەرگێڕانێکی ئەو ژیانە بێت کە تیایدا ژیاوم، بەڕاستی ئەوە بۆ من بۆتە سەرمایەیەکی گەورە، من لەژیانێکی کوردەوارییەوە چوومەتە وڵاتێکی تر کە زۆر جیاواز بووە لەگەڵ ئێرەدا، بەڵام جوانی ئێرە، فۆلکلۆرو جوانی و جۆری خانووەکان و ئەو نەخش و نیگارانەی کە لەو گوێسەبانانەی ئێرەدا هەیە لە دەرەوەدا نییە، هەربۆیە ئەوە بۆ من دەبێتە ڕەمزێک و شانازیشی پێوە دەکەم.

بۆ یەکەمینجار ساڵی 1963 بوو، تازە بۆیەی زەیتیم کڕیبوو لەگەڵ مەعاکس و فایبەر، چونکە ئەو کاتە قوماش نەبوو، نەشماندەزانی کە لەسەر قوماش ڕەسم دەکرێت، بەڵکو لەسەر پارچە مەعاکس و فایبەر وێنەکانم دەکێشا، بۆ وێنەکێشان دەهاتمە سەربان، چونکە لێرەوە تا رادەیەک ناوەڕاستی شارەو هەموو قەراغ و گۆیژەو ئەزمەڕ و پیرەمەگروون دیاربوو، جوانترین دیمەن بەلای منەوە ئەوە بوو کە شاخی گۆیژە سەوز دەبوو، یان لە زستاندا سپی دەبوو کاتێک بەفری لێ دەباری، زۆر سەرسامی ئەو دیمەنانە بووم، هەندێکجار بە کامێراکەی (یەحیا فەنی) باپیرم وێنەگر بوو، وێنەی گۆیژەم دەگرت، ئەو وێنەیەی گۆیژە وەک ڕەمزێکی لێهاتبوو لەناو زۆربەی تابلۆکانمدا بەکاریدەهێنم، لەبنەماڵەی ئێمە باپیرم یەکەمین وێنەگر بووە لەناو شاری سلێمانیدا، هەروەها یەکێک بووە لەو کەسایەتییانەی کە ناسیاوو نزیکی شێخ مەحمودی نەمرە، خۆی و حەپسەخانی نەقیب و شێخ جەلال و هەموو شێخەکانی تری ناو شاری سلێمانی دۆستایەتییەکی زۆری یەحیا فەندیان کردووەو بۆ هەموو بۆنەیەکیش ئەویان بانگ کردووە بۆ وێنەگرتن، تەنانەت هەندێکجار خولە پیزەو تایەری برای و خولە سەلکە ناردوویانە بەدوای باپیرمدا بۆئەوەی لە شارباژێڕ وێنەیان بگرێت، خەڵکی سلێمانی ئەوە دەزانن زۆرێک لە وێنەی ئەو کەسایەتییە ناودارانەی ئەو کاتە هەمووی لەلایەن باپیرمەوە گیراوە.

ئەمە قوتابخانەی کەریمی عەلەکەیە، جاران قوتابخانەی مەڵکەندیان پێدەوت، مامۆستا ڕەشید فەندی بەڕێوەبەرمان بوو، دوای ئەویش مامۆستا عەزیز ساڵح بوو بە بەڕێوەبەر، بەیانیان کە دەهاتین بە چوار ریز دەوەستاین و سروودمان دەوت.

من لێرە خوێندوومە، دوای ئەوەی لە پێنجوێن چوومە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی سێیەمدا هاتینەوە بۆ سلێمانی، لەم قوتابخانەیە ناویان نووسیم و لە پۆلی سێیەم تا پۆلی شەشەم لێرە خوێندوومە، مامۆستای کۆچکردوو ولیەم یوحنا بە عودێکەوە بەسەر قوتابخانەکاندا دەگەڕاو سروودی بە خوێندکارەکان دەوت.

مامۆستا ڕێزمانە فەنی، مامۆستا حەمە فەرەج، مامۆستا عومەر عەلی ئەمین، مامۆستا عەزیز ساڵح، لەو کاتەی کە لە پۆلی سێیەم بووم هەندێ وێنەم کێشابوو کە مامۆستای وێنە لەسەر دیوارەکان هەڵیواسیبوو زۆرم پێخوش بوو، مامۆستا حەمە کاکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەبەرئەوەی خۆی وێنەکێش بوو وانەی وێنەی پێدەوتینەوە کە زانی من وێنەدەکێشم کلیلی مەرسەمەکەی دەدامێ، هەربۆیە ئەو وانانەی کە مامۆستا نەهاتایە دەچوومە ناو مەرسەمەکەوە وێنەم دەکێشا، یان لەدوای کاتی قوتابخانە لەگەڵ چەند قوتابییەکی تردا دەچووینەوەو وێنەمان دەکێشا، ساڵی 1965 وێنەیەکم کێشا و قوتابخانەکەی ئێمەش بەشداری ئەو پێشەنگایەی کرد کە ساڵانە دەکرایەوە، وێنەیەکی گەورەم بە زەیتی لەسەر قوماش کێشابوو، پێشانگاکە لە هۆڵی قوتابخانەی گۆیژەی ئەو کاتەو سورکێوی ئێستا کرایەوە، تابلۆکەم بە حەوت دیناری ئەو کاتە فرۆشرا کە وێنەی بازێکی گەورەم کێشا بوو منداڵێکی فڕاندبوو بە ئاسمانەوە بوو، ئەوکاتە لەپۆلی سێیەمی ناوەندی بووم کە زۆرم پێخۆش بوو.

*** تۆ پەیوەندییەکی زۆرت لەگەڵ ئەدیبەکان و هونەرمەندەکاندا هەبووە، لە قۆناغی سەرەتادا شیعرو ئەدەبیات بەشێک بووە لەکاری تۆ لەگەڵ ئەوەی تۆ شێوەکار بوویت، ئەو پەیوەندییە چۆن درووست بووە؟**

- سەیرمکرد هاوڕێکانم هەریەکەیان کەشکۆڵێکی هەبووە، منیش خاوەنی کەشکۆڵێکی لەو جۆرە بووم کە شیعری شاعیرەکانی تێدا کۆدەکرایەوە، یان پەیوەندییان لەگەڵ مۆسیقییەکان‌و گۆرانیبێژە ناسراوەکانەوە هەبووە، لە مۆسیقییەکان ئەنوەر قەرەداغی، فرەنسیس داود کە هاوڕێی قوتابخانەم بووە، کاک (خالید سەرکار، عومەر سەرکار، ولیەم یوحەنا)، زۆر ئەدیب و شاعیر هەیە لەم شارەدا کە داوای لێبوردن دەکەم کە ناتوانم ناوی هەموویان بهێنم هەموویان هاوڕێم بوون، من بەتەنها لە وێنەکێشانەوە نەبووە، بەڵکو لەلایەنی ئەدەبیاتەوە لەوانە (جیهان عومەر) ئامۆزامە لەڕێگەی ئەوو شاعیرەکانەوە پەیوەندییەکی زۆر پتەومان هەبووە، بۆخۆشم حەزم لەشیعر بوو، هەندێکجار هەر ئەو شیعرانەم دەکرد بە تابلۆ.

*** لەساڵانی شەست و حەفتاکاندا یەکێک بوویت لەو شێوەکارانەی کە بەخۆت و سێپاو پالێتەکەتەوە گوندەکان دەگەڕایت تاوەکو لەناو سروشتدا وێنە بکێشیت، هۆکاری ئەو گەڕان و هاتنە ناو سروشتەوە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من لەسەر وتەیەکی غاندی کە دەڵێت ئەگەر وڵاتەکەی خۆتت خۆش دەوێت پیایدا بگەڕێ، منیش لەسەر ئەو وتەیەوە ئەو شێوازی کارکردنەم هەڵبژارد، گەر سەیری

مانی و مۆنییە بکەیت هەست دەکەیت زۆر گرنگیان بە سروشت داوە، هەربۆیە دەکرێت بوترێت کە سروشت باشترین مامۆستایە بۆ شێوەکار، لێرەدا لەهەر شوێنێک دابنیشەو وێنە بکێشە هەمووی سروشتە، هەمووی بابەتە بۆ وێنەکێشان، منیش زۆرجار خولیای ئەوە بووم کە سروشت بکێشم، دەچووم بۆ ئەحمەدئاوا، تەوێڵە، بیارە، چوارتا، سیوەیل و کەناروێ.. تا ئێوارە بە وێنەکێشانەوە سەرقاڵ دەبووم، هەندێکجاریش بە کامێرای فۆتۆ وێنەی ئەو سروشتەم دەگرت، هاتنەکانم زیاتر لە وەرزی پایزدا بووە، چونکە پایز ڕەنگێکی تایبەتی هەیە.

*** ئەو هاتنە ناو سروشتەیە کە وای لە تۆ کردووە بە جورئەتەوە ڕەنگەکان دابنێیت بۆ نموونە ڕەنگی سورێکی تێر، یان شین؟**

- هەندێک کات هەیە بۆئەوەی مەبەستەکەت بگەیەنیتە بینەران دەبێت ڕەنگێک بێت کە سەرنجی رابکێشێت، ئەو ڕەنگە سورانەی کە من لەناو تابلۆکانمدا دایدەنێم وەکو گوڵاڵە سورەی بەهارە، ئەو ڕەنگە دواتر کۆنتراسێکی تر دروست دەبێت کە ڕەنگی شینە، شین و سور کۆنتراسن، کاتێکیش بەکاریان دەهێنم لە تابلۆیەکدا بۆ ئەوەیە کە هارمۆنییەک دروست بکات، واتا چاوی بینەر لە کۆنتراسەوە دەچێتەوە بۆ هارمۆنی، لەهەمانکاتدا من هەرسێ بوعدەکە بەکاردەهێنم، بۆ نموونە سەیری ئەو شاخە بکە چەندە لێڵە، بەڵام شاخی دووەم تۆزێک ڕوونترە، بەڵام لێرە هەموو هێڵەکانیش دیارن.

*** لەسەرجەم کارەکانی تۆدا شێوەیەک لە واقیعییەت هەیە، ئەم واقیعییەتە مەرج نییە ڕاستەوخۆ لە سروشتەوە گواسترابێتەوە، بەڵام ئایا دەتوانین بە ئیشەکانی تۆ بڵێین ئیشێکی واقیعییە؟**

- بەڵێ من واقیعی ئیش دەکەم، هەرچەندە زۆر کات ویستوومە خۆم لە واقیعییە دەرباز بکەم، چونکە لە ڕەوڕەوەی مێژووی هونەر دوادەکەویت، چونکە ڕەوڕەوەی مێژووی هونەری ئێستا تەقلیدە، چونکە تۆ هەرچییەک دەکەیت لەهونەردا لەمەوپێش کراوە، ئەو فەلسەفەیەی کە ئێمە بڕوامان پێیەتی ئەویش فەلسەفەی نوێبوونەوەیە، ئێستا من ناتوانم وەکو جەمال بەختیار، عەزیز سەلیم، حەسەن فەلاح ئیش بکەم، هەروەها ناتوانم وەکو عەتا قەزازی بیست ساڵ پێش ئێستا ئیش بکەم، دەبێت گەشە بە هونەرەکەم بدەم، ئەگەر ئێستا بمەوێت وێنەی پێشمەرگەیەک، یان شاخێک بکێشم بەو شێوە کلاسیکە نایکێشم کە کامێرایەک وێنەی دەگرێت، من هەست و بیروباوەڕی خۆمی تێدا دەردەبڕم، کە ئایا چۆن ئەو شاخە دەبینم.

لەدوای پۆلی سێیەمی ناوەندی لەساڵی 1965 چوومە بەغداو پێشنیارم کرد بۆ

ئەوەی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا وەربگیرێم، ئەو کاتە پەیمانگە لە وەزیرییە بوو، لەدوای تاقیکردنەوە لە پەیمانگە وەرگیرام، تەنها هونەری شێوەکاری نەبوو، بەڵکو کاری وێنەکێشان، زەخرەفە، دەروونزانی، پەیکەر، زمانی ئینگلیزی، فەلسەفە بوو، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەپەیمانگە بووم کە وەکو خوێندکارێکی چالاک، بەشەو پەیکەرسازیم دەخوێند، بە رۆژ وێنەکێشان، لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو کاتە کە لە بەغدا دەردەچوو وەک گۆڤاری بەیان و رۆژنامەی هاوکاری و رۆژنامەی التآخي، النور، کارمدەکرد، بەهەمانشێوە لەشاری سلێمانی بینەری تایبەت بەکارەکانم هەبوو، کاتێک پیشانگەم بکردایەتەوە نەک بەتەنها مامۆستایان و خوێندکاران، بەڵکو خەڵکی ئاسایی دەهاتن بۆ بینینی کارەکانم، چونکە هەستیان دەکرد کە گەشتێک دەکەن بەناو خاکی کوردستاندا.

*** سەرەتا وەک وێنەکێش و دواتر وەک پەیکەرساز، بەڵام زیاتر لەسەر وێنەکێشان مایتەوە، هەست ناکەیت کارەکانی ئیتاڵیاش درێژکراوەی کارەکانی ئێرەت بێت؟**

- پەیکەر و وێنەکێشان دوو جۆرە کاری جیاوازن، تەنانەت کاری پەیکەرسازی شوێن و ماتریاڵی تایبەتی دەوێت کە دەست من نەدەکەوت، هەروەها وێنەکێشانەکە خێراترەو بەرهەمەکەشی زۆرترە، هەروەها زوتر دەتوانیت پێشانگە بۆ وێنەکێشان بکەیتەوە، لەوەی بۆ پەیکەری بکەیتەوە، بۆ نموونە لەشاری فیرۆنا پێشانگەیەکی تایبەتیم لەژێر ناوی (هونەرمەندی کورد لە مەنفا) کردەوە کە زۆربەی کارەکانم تایبەت بوون بە کێشەی گەلی کورد، دەنگدانەوەیەکی زۆر گەورەی دایەوەو زۆربەی کارەکانیش فرۆشران.

*** ئێمە لە کۆتایی بەرنامەکەدا زۆر سوپاسی تۆ دەکەین کە بەدرێژایی ئەمڕۆ ماندوومان کردیت.**

- منیش زۆر شادمانم و زۆر سوپاسی تۆو ئەو دوو برادەرە وێنەگرە دەکەم.

*** بینەرانی دیدگا بەمشێوەیە کۆتاییمان بە دیدگای ئەمجارە هێنا.**



پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد - عەتا قەزاز - لالە عەبدە - محەمەد عارف - 1969



عەتا قەزاز - 1970



قوتابخانەی سەیوان - 1960



لەگەڵ شێوەکاری ئیتاڵی ماریۆمەرز لە شاری پیرۆجی ئیتاڵیا - 1983



سمکۆ تۆفیق - عەتا قەزاز - کەمال مستەفا - لالە عەبدە - ئازاد حەمە - کامەران - فلۆرەنسا - 1981

# عەتا قەزاز:
# بەیانیان وێنەکێشان و ئێوارانیش پەیکەرسازیم دەخوێند

**بەرنامە: پەیڤ**
**ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: عەبدوڵڵا ئەحمەد**
**تەلەفزیۆن: KNN**
**ساڵ: 2011**
**وێنەگرتن: ڕێبین جەلال- هەردی بەهادین**
**مۆنتاژ: ڕێبەر جامو**
**ڕووناکی: ڕێباز تەها**

*** خۆشحاڵم کە لەبەرنامەیەکی تری پەیڤدا پێتان شاد دەبمەوە، پەیڤی ئەمجارە لەگەڵ شێوەکاری ناسراو (عەتا قەزاز)دایە، مامۆستا بەخێرهاتنێکی گەرمت دەکەین بۆ بەرنامەی پەیڤ.**

- زۆر سوپاستان دەکەم.

*** سەرەتا حەزدەکەم بە پرسیاری ئەوە دەستپێبکەم چۆن کاری هونەریت دەست پێکرد؟**

- ئەو کاتەی کە لە قوتابخانەی مەڵکەندی کوڕان بووم و مامۆستا ڕەشید فەنی بەڕێوەبەرمان بوو، هەندێ مامۆستای ئەو کاتەی کە بیرم مابێت لەوانە مامۆستا ڕێزوان بوو، مامۆستا عومەر عەلی ئەمین، مامۆستا حەمە کاکە مامۆستای وێنەمان بوو، لە قۆناغی ناوەندیدا بووم کە هەستمکرد توانایەکی هونەریم هەیەو هاوڕێکانیشم هانیان دەدام.

*** ساڵی چەند بوو؟**

- سەرەتای 1954 دەستپێکردنی کاری هونەریم بوو لە قۆناغی سەرەتاییدا، بەڵام

که چوومه قۆناغی ناوەندی مامۆستا حەمە کاکە وانەی پێدەوتین، یەکەمین پێشانگەی قوتابخانەکان کرایەوە من بە تابلۆیەکی گەورەی زەیتی بەشداریمکرد، تابلۆکە لە پێشانگەکەدا فرۆشرا، ئەوە بووە هاندەرێکی زۆرباش بۆ من و لە پارەکەی بۆیەو قەڵەم و فڵچەو قوماشم پێکرِی و وێنەی ترم دەستپێکردەوە.

*** من لەرِێگەی مامۆستا قادر میرخانەوە زانیوومە کە تۆ لەگەڵ خالید زامدار دوکانێکی خۆشنووسی و وێنەکێشانتان هەبووە، دەکرێت پێم بڵێیت چۆن بووە لەو سەردەمەدا دوکانێکی لەوجۆرەی خۆشنووسی و وێنەکێشانتان هەبووە؟**

- من خولیای وێنەکێشانم هەبوو، ماڵمان لە ئیسکان بوو، مامۆستا قادریش ماڵیان لە فولکەی سجنەوە بوو، ئەوکاتە ئەو منداڵتر بوو هەروەها ئێمەی دەناسی ، من و کاک خالید پێکەوە ئەو دوکانەمان دانا، کاک خالید کاری خۆشنووسی و وێنەکێشانیشی دەکرد، هەندێکجار منیش یارمەتیم دەدا لە وێنەکێشاندا، زۆرجاریش مامۆستا جەمال بەختیار سەردانی دەکردین، ئەوکاتە ئێمە گروپێک بووین لەوانە کاک ئەنوەر شنروێ گۆرانیبێژ بوو، لەگەڵ فوئادی فەقێ قەفتان، بێستونی حەمە ئەمینە فەنی، ئەمانە هەموومان گروپێک بووین و دەهاتنە ناو دوکانەکەوە، کاک خالید کەسێکی زۆر زیرەک بوو، لەهەمانکاتدا سیاسییەکی زۆر گرنگ بوو، هەرچی شیعری مامۆستا برایم ئەحمەد بوو لەبەری بوو، هەروەها شیعری شاعیرەکانی تری وەک پیرەمێرد، فایەق بێکەس، مەحوی، نالی هەموویانی لەبەر بوو، هەروەها هەندێکجار ئەو شیعرانەی دەکرد بە تابلۆ، یەکێک لەو تابلۆ گەورانەی کە تا ئێستەش هەر ماوە لەلای ئەحمەدی گوڵزار، تابلۆی گوندێکی کوردییە کە تا ئێستاش ئەو تابلۆیە هەر ماوە، کاک خالید کەسێکی خورِەوشت جوان بوو، دەستیدەکردە ملت دەیکردیتە نیشتمانپەروەر، کەسێکی زۆر رۆح شیرین بوو.

*** تۆو خالید زامدار جگە لەوەی کە پێکەوە کارتانکردووەو جگە لە کارە هونەرییەکە لایەنە سیاسییەکەش هەبووە، بەشێک بوون لە خەڵک، ئەو بەشبوونە لەخەڵک و میللەتەکەتان بۆچی دەگەرِێتەوە؟**

- لەوبرِوایەدام زۆربەی گەنجی ئەوکاتە نەک بەتەنها من و کاک خالید وابووین، زۆربەی هونەرمەندان و شاعیرانی ئەوکاتە بەهەمان شێوە بون، ئێمە ئەو مەسەلەی نیشتمانپەروەرییەمان بۆ ماوەتەوە، ئەگەر سەیر بکەیت لەشاعیران و ئەدیبان و سیاسەتمەدارانی ئەوکاتە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەئێمە کردبوو بەتایبەت کە ئێمە بەدوای رۆشنبیرییدا دەگەرِاین، شیعری شاعیرەکانمان دەخوێندەوە هەمووی نیشتمانپەروەری بوو، دوای ئەوە لەساڵی 1960ەوە شۆرِشی کورد دروست ببوو، لەدوای ئەوەی کە پادشایی

نەماو کۆماری هات ژمارەیەک لەهونەرمەندەکان دەهاتن نواندنیان دەکرد لەوانە رەفیق چالاک بەڕاستی کاریگەری هەبوو بۆسەر ئێمەش، من رۆڵەی ئەو میللەتەم ئەگەر من هونەرکەم تەرخان نەکەم بۆ نیشتمانەکەم ئەی بۆ کێی بکەم.

*** واتا هونەرەکەتان لەپێناو میللەت و کێشە نەتەوایەتییەکەدا بووە؟**

- تێکڕا چیم کردووە لەو پێناوەدا بووە، لەساڵی 1960ەوە کە پێشانگەم کردۆتەوە بەتایبەتی و بەهاوبەش هەموو تابلۆکانم باسی نیشتیمان و کوردستانی سوتاوو هەژار بووە.

*** دەڵێن یەکەمین پەیکەر لەشاری سلێمانی بۆ پیرەمێرد بووەو تۆ دروستت کردووە؟**

- من شانازی دەکەم بەو مێژووەوە، یەکێکە لەئیشە جوانەکانی من کە لەشاری سلێمانیدا کردبێتم، پەیکەرەکە لەساڵی 1970دا بوو کە دواتر رەحمە خانی خوشکیمان هێنایە سەری لەگەڵ کاک مەحمود وەشتی و کاک مەحمود زێوەر، ئەوکاتە کاک وشیار بابان بەڕێوەبەری شارەوانی بوو کە لەناو میوانخانەی ئاشتی ئێستادا بوو، رەزامەندیان نیشاندا کە من ئەو پەیکەرە بکەم، بەڕاستی چاکەی ئەوکاتەی شارەوانی سلێمانیم لەبیرناچێتەوە کە زۆر یارمەتی منیاندا.

*** ئەو پەیکەرەی پیرەمێرد لە بۆرەک دروستت کردبوو، بۆ بۆرەکت هەڵبژارد؟ ئایا ماتریاڵی تر نەبوو لەوکاتەدا؟**

- لەوکاتەدا کەس ناوی برۆنزی نەدەزانی، کەس ناوی ئاسن و شیشی نەدەزانی.

*** تۆ وێنەکێش بوویت چۆن بیرت کردەوە پەیکەر بکەیت؟**

- لەبەغدا بەشی پەیکەرسازیشم خوێندووە، بەیانیان وێنەکێشانم دەخوێند، ئێوارانیش پەیکەرسازیم دەخوێند کە ماوەکەی چوار ساڵ بوو.

*** ئەو هونەرندانە کێ بوون کە لەگەڵتدا بوون؟**

- هونەرمەندان  لالە عەبدە، مامۆستا ئەحمەد سالار، حیکمەت هندی، مامۆستا هیوا، مامۆستا ئیسماعیل، بەهادین مەحمود، عادل جەلال، سمکۆ تۆفیق، ئاسۆس سدیق بوو.

*** ئەگەر هەر لەو قۆناغەدا بمێنینەوە،  خالید زامدار کاری خۆشنووسی و وێنەکێشانی دەکرد، تۆش هەمان کارت دەکرد؟**

- من زۆر سەرسام بووم بەو شیعرانەی کە کاک خالید زامدار هەڵیدەبژارد، ئێستاش هەندێک دەفتەرم لەلایە ئەوکاتە لەگەڵ هاوڕێکانم پێمان دەوت کەشکۆڵ، وەکو حەمەی حەمکوڵ و مستەفا چاوڕەش و کاک خالید خۆی و منیش کەشکۆڵم هەبوو ، هەر شیعرێک بە جوانمان بزانیبایە  چ شیعری دڵداری بوایە، یان شیعری نیشتیمانپەروەری بوایە لەلای خۆمان دەماننووسییەوەو دەیانهێنا بۆ من وێنەم بۆ دەکێشا، ئێستەش هەندێک شیعرم

لەلایە کە نازانم خاوەنەکەی کێیە.

*** پەیوەندی نێوان شیعرو وێنەکێشان لەچیدا دەبینیتەوە؟**

- بۆ نموونە مامۆستا گۆران کە دەڵێت: ئێوارەیە وا هەڵگرە سا گۆزەی تازەی وتووە، من بە تابلۆ سەیریم کردووەو کردوومە بە تابلۆ، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەی کە ئەو تابلۆیانەمان دەکرد لەبەر ئەوەی خەڵکەکە خاوەنی رۆشنبیرییەکی ئەوتۆ نەبوون هەربۆیە تابلۆکانیان نەدەپاراست، تابلۆکە نەماوە.

*** بۆچی ساڵانی شەستەکان قۆناغێکی زێڕین بو؟**

- جوانترین قۆناغ لەساڵەکانی 1965وە دەستیپێکردووە تا کۆتایی نەوەدەکان، من گەورەترین قۆناغی مۆسیقاو ئەدەبی کوردی دەزانم.

*** ساڵانی شەست و حەفتاکان چ کاریگەرییەکی هەبووە بەسەر هونەری تۆوە؟**

- بۆخۆشم کاریگەریم هەبووە لەسەر هونەری کوردی، هونەرمەندانی تریش کاریگەرییان هەبووە لەگەڵ هونەرکەی مندا، ئێمە کێبڕکێمان دەکرد کە بزانین کێ زۆرترین ئیش دەکات و خزمەتی هونەری کوردی بکات، کێ بتوانێت ساڵانە پێشانگەی هەبێت، لەپێناو میللەتەکەماندا کە بتوانین میللەتەکەمان رۆشنبیرتر بێت، بۆ ئەوەی هونەرەکەمان بگاتە ئاستی جیهانی، ئەمانە هەمووی ئەو هۆکارانە بوون کە دەمانویست هونەری کوردی تیایدا گەشە بکات، رۆژانە پەیوەندیمان لەگەڵ برادەرانی ئەوروپادا هەبوو لەوانە کاک تایەر ئیبراهیم فەتاح کە لە ئەمریکا بوو بە بەردەوامی من پەیوەندیم هەبووە پێوەی، هەروەها کاک سەرداری عەبدوڵلا زوهدی، خالید سەعید لە ئیتاڵیا بوو، لە پێش ئێمەوە بوون، ئێمەش لەگەڵ کاک شێرزاد شەوقی و عوسمان خاڵ و حەمە کاکەو نوری ئیسماعیل و عەلی جۆڵا بەردەوام وەک گروپێکی پێشڕەو ئیشمان دەکرد لەپێناو هونەری کوردیدا.

*** قۆناغێکی تری تەمەنی تۆ ساڵی 1975ە کە چوویتە شاخ، ئەو قۆناغە چ کاریگەرییەکی هەبووەو لەوێش درێژەت داوە بەکاری هونەری؟**

- لەبەرئەوەی من ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووم، ساڵی 1974 سەیرمانکرد حکومەتی عێراقی ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە دەیویست بیدات بە گەلی کورد نەیدا، ئەوەبوو بارزانی وتی ئەگەر ئەوەمان بۆ نەکەن شەڕ دەکەین لەگەڵ حکومەتدا، هەربۆیە بیرمانکردەوە کە ئەگەر ئێمە رۆشنبیری میللەتەکەمان بین دەبێت پێشمەرگەش بین، دەتوانم بڵێم چوونە شاخ کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر هونەری من، لەوکاتەدا چوومەوە ناو شاخ، ناو پێشمەرگە، ئێمە بەهونەرمەندێکی بۆرجوازی حساب دەکراین، هەربۆیە خۆشمان لەو بڕوایەدابووین ئەگەر هونەرمەندێک قسەیەکی کردو نەیبردەسەر

ئەوە هونەرمەندێکی بۆرجوازییە، شاعیرێک کاتێک شیعرێک دەنووسێت ئەگەر بە گوێرەی شیعرەکەی نەجولێتەوە چییە؟..

*** دەڵێن لە فێستیڤاڵێکدا تابلۆکانی تۆیان شکاندووە، ئایا ئەوە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی بچیتە شاخ؟**

- نەخێر ئەوە پەیوەندی نییە بەوەوە، لەساڵی 1971دا لە بەغدا فێستیڤاڵێک کرا، لێرە کاری کۆمەڵێک شێوەکار کۆکرانەوە بۆ بەشداریکردن لەو پێشانگەیەی کە لەبەغدا دەکرایەوە، لەبەرئەوە ئەو هونەرمەندانەی کە تابلۆکانیان بردبوو نەیانوێرابوو تابلۆکەی من لە پێشانگەکەدا دابنێن، وتبوویان لەسەر ئەو تابلۆیەی عەتا قەزاز دەکوژرێین کە ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەوان کە کردوویانە، تابلۆکەی منیان فڕێدابووە ژێر پلیکانەیەکەوە، یەکێک لەو شاعیرو ئەدیبانەی شاری هەولێر کە کەسێکی بەڕێزە لام رۆژێک بانگی کردم و وتی دەزانی تابلۆیەکی تۆ لەبەغدا فڕێدرابووە ژێر پلیکانەکانەوە کە نەیانوێرابوو بەشداری پێشەنگاکەی پێبکەن، من هەڵمگرتۆتەوەو لای منە، منیش پێم وت یاخوا هەر پیرۆزت بێت و لەلای تۆ بێت جوانە، بۆ نموونە ئەو برادەرانەی کە ئاوایانکرد تەنانەت بەشداری ئەو شۆڕشەیان نەکرد، ئێمە لەگەڵ هەندێک لە برادەرانمان توانیمان وێنەی کوردستان و خەڵکی گوندەکان و سروشتی کوردستان بکێشین و توانیمان پێشانگە بکەینەوە.

*** قۆناغێکی تر هەیە لە ژیانی تۆ کە ئەویش قۆناغی چوونە دەرەوەی وڵاتە، دەکرێت بزانم چوونە دەرەوەت چ کاریگەرییەکی هەبوو بەسەر هونەری عەتا قەزازەوە؟**

- من لەساڵی 1979 چووم بۆ ئیتاڵیاو لەوێ چوومە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری پیرۆجە، تاقیکردنەوەیەکیان کردم و دواتر لە پەیمانگە وەرگیرام، چوار ساڵ بۆ وێنەکێشان و چوار ساڵ بۆ هونەری پەیکەرسازی خوێندوومە، واتا ماستەرم لە پەیکەرسازی و وێنەکێشاندا هەیە.

*** دەتوانم بپرسم کە ئایا کات و شوێن رۆڵی هەیە لەسەر شێوازی کارکردنی هونەرمەند؟**

- کاتێک تۆ دوور دەبیت لە وڵات زیاتر بیری دەکەیت، بەتایبەت کاتێک لە میدیاکانەوە هەواڵی ناخۆشی ناو کوردستان دەبیستیتەوە، بەردەوام ئاگامان لە کوردستان بووە، لەکاتی رەوەکە، لە ئەنفالەکان، هەروەها شۆڕشی کورد کە ئێمە لەوێ هەڵوێستمان هەبووە، ئێمە پەیوەندیمان نەمابوو بە حکومەتی عێراقییەوە، ئێمە 280 کورد بووین کە هەریەکەمان رۆڵی پێشمەرگەیەکمان دەبینی لە ئیتاڵیا، ئەو برادەرانەی ئێرە هەموویان ئاگادار بوون.

*** ئەگەر سەیری کارەکانی تۆ بکەین بەبەردەوامی فیگەری مرۆڤ بوونی هەیە، ئەو بەردەوامییەو ئەو ئامادەییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پێویستە هونەرمەند سێ شت بزانێت، ئەگەر ئەو سێ شتە نەزانێت سەرکەوتوو نابێت، یەکەم شکڵی ئینسان، دووەم سروشت، سێیەم ڕەنگ، ئەگەر ئەو سێ بنەمایە نەزانیت، یان ئەنجامی نەدەیت ئەوە نیشانەیە بۆ ئەوەی کە تۆ تابلۆت نەکێشاوە، ئەگەر ڕەنگ بدەمە دەست منداڵێک دەتوانیت وێنە بکێشێت، بەڵام ئایا ئەوە هونەرمەندە؟ ئایا بە چ پێوانەیەک دەتوانیت هونەرمەند بپێوێت؟ هونەر لەهەموو جیهاندا وایە، نەک بەتەنها لە کوردستاندا، دوایی ئەوە بەتوانای خۆت ئەو ڕەنگانە چۆن دادەنێیت، چ کاریگەرییەکی هەیەو لەپێناو چیدا داتناوە، بۆ نموونە من وێنەیەکی دایکمم کردووە، وێنەکەم کێشاوە وەکو دایکی نیشتیمان، دایکم و نیشتیمانم لێک جیانەکردۆتەوە، ئەو وێنەیەی دایکم لەگەڵ خاکی کوردستاندا تێکەڵم کردووە، ئەوە فیگەرێکە بۆ منیش دەبێتە سمبولێکیش.

*** هەندێکجار دەڵێن شێوازی کارکردنی عەتا قەزاز هەمان ئەو شێوازەیە کە پێش چەند ساڵێک بەکاریهێناوەو گۆڕانکاری نییە لە کارەکانیدا؟**

- ئەو کارەی کە من بڕوام پێی هەیە بۆ درووستبوونی هونەرێکی شێوەکاری کوردی ئەوەیە، من دەتوانم کاری تەجرید بکەم، بەڵام من دەمەوێت شێوەکارێکی کوردی بم، لە هەمان کاتدا هونەرمەندێک نییە لەم شێوازەی من کاری کردبێت، لەوانەشە بۆ داهاتوو گۆڕان بەسەر شێوازی کارەکەمدا بێت، ئەوە بۆتە قۆناغێکی کاری هونەری عەتا قەزاز، کارەکانم لە لەندەن و بەرلین و ڕۆما نیشاندراوە.

*** زۆر سوپاس بۆ هونەرمەند عەتا قەزاز لە بەرنامەی (پەیڤ)دا میوانمان بوویت.**

- زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم.



بەغداد - 1969



پیشانگەی تایبەتی قۆناغی یەک - 1970



**بێستونی حەمە ئەمینە فەندی - هوشیار کامیل سابونچی - ڕەحیم ڕەمەزان - فەرهاد فوئاد قەفتان - عەتا قەزاز - شێخەی تەنەکەچی - پۆلیسێکی حەریق - خالید زامدار - 1961 شەقامی ئیسکان**



عەتا قەزاز - 1981



پیسانگەی هونەری - شاکر فەتاح لەگەڵ بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی - عەتا قەزاز - 1967



پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد - 1967

## عەتا قەزاز:

# باوەڕم بەئازادی کارکردنی هونەرمەند هەیە نەک قۆناغ بەندی.!

**چاوپێکەوتنی: رەخنەی چاودێر**

**هونەرمەند عەتا قەزا، یەکێکە لەهونەرمەندە بەناوبانگەکانی کورد، زیاتر لەسی ساڵ لەمەوبەر بەمەبەستی خوێندن رو لەئیتالیا دەکات و لەو وڵاتە هونەری شێوەکار و پەیکەرسازی دەخوێنێت، پاش خوێندن رو لەبەریتانیا دەکات و لەوێش بەردەوام سەرقاڵی کاری هونەریی دەبێت، لەهونەریی شێوەکاری کوردیدا ئەم هونەرمەندە یەکێکە لەناوە دیارەکان.**

**لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ رەخنەی چاودێر ئەم هونەرمەندە باس لەتابلۆ و کارە هونەرییەکانی خۆی و رێباز و شێوازی کاری هونەریی و کاریگەریی کارەساتەکانی کورد و دورە وڵاتی لەسەر تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکانی دەکات.**

*** بەو پێیەی تۆ لەشەست و حەفتاکانی سەدەی رابردودا هونەرمەندێکی چالاکی شێوەکاری کوردی بویت بەڵام لەناکاو وڵاتت بەجێهێڵا، پێمان خۆشە لەزمانی خۆتەوە ئەو چیرۆکە بزانین و ژیانی تایبەتی و هونەریی خۆتمان لەجێهێڵانی کوردستانەوە بۆ ئێستا بەکورتی بۆ بگێڕیتەوە؟**

- من لەساڵی 1965 چومە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی شێوەکاری، سەرەتای حەفتایەکاندا پەیمانگەم تەواو کرد، دوای تەواوکردنی خوێندن ماوەیەک مامۆستای هونەر بوم لەسلێمانی لەکۆتایی حەفتایەکان کوردستانم جێهێڵاو لەساڵی 1978 لەشاری پیرۆجیای ئیتالیا خوێندنی هونەرییم تەواو کرد، هەر لەو وڵاتەو لەساڵی 1988 خوێندنی پەیکەرسازیم تەواو کردو، دەیان ساڵ کاری هونەرییم لەئیتالیا و وڵاتانی تری ئەوروپا کرد،

دواتریش بەچەند هۆیەکی تایبەت ئیتالیام جێهێشت و ئێستا بۆ ماوەی 12 سالەلەولاتی بەریتانیا دەژیم و لەوێش کاری هونەریی دەکەم و تا ئێستە بەشداری دەیان پیشانگەی هاوبەشی هونەریم لەولاتانی ئەوروپادا کردوەو هەمیشە سەرقالی کاری هونەرییم راستە لەکوردستان دورم، بەلام بۆ چرکەساتێکیش لەکوردستان دانەبڕاوم، باشترین بەلگەش ئەم راستییە بەرونی لەناو تابلۆکانم دەبینرێت.

*** وەک خۆشتان ئاماژەتان پێدا دوای زیاتر لەسی سال بەجێهێلانی ولات، تا ئێستە فیگەر و رەنگ و کەشێکی کوردیانە بەسەر تابلۆکانی تۆدا زالەهۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا بۆ دورە ولاتی و نامۆیی، یان بۆ هەستی نیشتمان پەروەریی؟**

- رەنگە بۆ هەردوکیان و رەنگە بۆ هۆکاری تریش بگەڕێتەوە، چونکە لەبەر ئەوەیە کە من هونەرمەندێکی کوردم، ئەگەر بشمانەوێت ببین بەهونەرمەندێکی جیهانی هەر لەرێگەی هونەریی کوردییەوە دەتوانین بەو پلەیە بگەین، هەربۆیە بەردەوام ئەو کەشە کوردییە بەسەر تابلۆکانمدا زالە، لەلایەکی تریشەوە من پێم وایە هونەری کوردی رەنگی جوانی تێدایە فیگەری تایبەتی تێدایە، تایبەتمەندییەکی گەورەی تێدایە کە رەگەکەی بۆ کولتور و مێژوی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم رێگەیەش هونەرمەند دەتوانێت کاری مۆدێرن بکات یان کاری ریالیزمی و کلاسیک، هەمو ئەمانەش تایبەتمەندییەتی کوردییان تێدایە، من بۆخۆشم هەر بەم تایبەتمەندییە لەتەواوی دونیا کاری هونەریی دەکەم و پێشانگە دەکەمەوەو بینەر و هونەرمەندانی ئەوروپی پێیان خۆشە و حەزیان بەو شێوە کارکردنەی منە، کە وەک گوتم رەگێکی کوردییانەی هەیە لەتەکنیک و رەنگ و فیگەردا، بۆ ئێستە و پرسیارەکەی تۆش، بۆ ئەوەیە بەو شێوەیە کاری هونەریی دەکەم کە بینەر کە لەکوردستان هاتە سەیری پێشانگەکەم دوای بینینی بەرهەمەکان هەست بکات تابلۆی هونەرمەندێکی کورد دەبینێت، نەک هونەرمەندێکی ئەوروپی، ئەو پێشانگەیەش کە ماوەیەک لەمەوبەر لەسلێمانی کردمەوە ئەو بنەما و کارکردنەی تێدا بو.

*** لەگەل ئەوەشدا تۆ وەک ژیانی هونەریی چەندێک لەکوردستان ژیاییت ئەوەندە زیاتریش لەئەوروپا ژیاویت، ئەی بۆ کەشی ئەوروپی بەسەر تابلۆکانتا زال نییە و زیاتر کەشی کوردی لەناو تابلۆکانی تۆدا دەبینرێت؟**

- رەنگە ئەم کەش و تایبەتمەندییەی ئێوە باسی دەکەن زیاتر پەیوەست بێت بەلایەنە رۆحییەکەی مرۆڤ و هونەرمەندی کورد لەئەوروپا، من نەک 35 سال 50 سالیش لەئەوروپا بژیامایە هەر خەیالم لای کوردستان دەبو، چونکە ئەو هونەرمەندانەی کە لەئەوروپا بون کەم کەسیان وەک من توشی ناخۆشی و بێزاری بون، هەمو ئەو ناخۆشییانە

و بێزارییەکانی ئەوروپا و دوری نیشتیمان لەتابلۆکانمدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەو ڕەنگانەشی کە لەتابلۆکانمدا دەبینرێت پەیوەستە بەو بارودۆخە دەرونییەی کە لەو کاتەدا لەئەوروپا هەمبوەو لەخۆیەوە لەسەر تابلۆ دام نەناوە، بەڵکو شیکاری ئەو ڕەنگانەم کردوە ئەوسا لەسەر ڕوخساری تابلۆکانم دامناوە، هەر ئەوەش وای لێکردم ئەزمونی جۆراجۆر لەکار کردنی هونەریدا تاقی بکەمەوە ئەوسا گەیشتوم بەم شێوازە کارکردنەی کە ئێستا دەبینرێت، ڕەنگە بەردەوامیش لەتاقیکردنەوەی نوێ و کاری نوێدابم ئیدی ئەو کارانەش چ کاری ئەپستراکت یان تازەگەری، ریالیزمی و ڕێبازەکانی تر بێت گرنگ ئەوەی بەردەوامم لەکاری هونەریی، بەڵام دوای هەمو ئەو ڕێباز و ئەزمونانەش من دەمەوێت وەک هونەرمەندێکی کورد بناسرێم، ڕەنگە ئەمەش هیچ نەنگی نەبێت بۆ هونەرمەندێکی خاوەن ئەزمون و کارا.

*** دواهەمین پێشانگەی هونەریت کە ماوەیەک لەمەو بەر لەشاری سلێمانی کرتەوە، بەرهەمی چ قۆناغێکی کاری هونەری تۆ بو؟**

- بەرهەمەکانی ئەو پێشانگەیەم جیاواز بون، هەمو قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنی هونەرییمی تێدا بو، لەبەرهەمی کارکردنی هونەریم لەساڵی 1960 تێدابو تا دەگاتە ساڵانی حەفتا و دروست بونەوەی شۆڕش و دواتر کارەسات و نەهامەتییەکانی کورد، تا دەگاتە کارەساتی هەڵەبجە و تا مردنی دایک و باوکم کە ئەو کات من لەدەرەوەی وڵات بوم، هەمو ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەو بەرهەمانەم هەیە کە لەپێشانگەکەدا نمایشم کردن، ئەو ئەو کارەساتانەش کە ئاماژەم بۆ کردن تابلۆیەک یان دوانی تێدا بو لەو پێشانگەیەمدا کە بۆ ئەو ڕوداوانەم دروست کردبون، مەبەستیشم لەم کارە و لەم پێشانگەیە ئەوەبو کە نەوەی نوێ بزانێت من لەو قۆناغە جیاوازانەدا ئاوا کارم کردوە.

*** وەک هونەمەندێکی بەئەزمون کە لەزۆرێک لەوڵاتانی ئەورپیدا کاری هونەریتان کردوە، دەمەوێت بزانم تا چەند باوەڕت بەقۆناغبەندی کاری هونەریی هونەرمەند هەیە، کە پێویستە هونەرمەند قۆناغ دوای قۆناغ کاری هونەریی خۆی بکات نەک ڕاستەوخۆ بچێتە سەر ستایلێکی کارکردنی هونەریی؟**

- لەڕاستیدا من بۆخۆم باوەڕم بەئازادی کارکردنی هونەرمەند هەیە نەک قۆناغ بەندی، ئیتر ئەو ئازادییە چۆن ڕەچاوی دەکات لەهونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی تر ئازادە، بەڵام پێویستە هەر هونەرمەندێک بەهەر ڕێباز و ستایلێک کاری هونەریی دەکات ڕەچاوی چەند خاڵێک بکات کە ئەوانیش نەخشە یان هێڵکاری تابلۆیەک، دواتر بابەتی تابلۆکە، دواتر ڕەنگ و چۆنییەتی دانانی ڕەنگەکان، ڕەچاوکردنی ئەم بابەتەم لەکاری هونەریدا لا گرنگترە لەوەی هونەرمەند پەیوەست بکرێت بەرێباز و شێوازێکی کارکردنی هونەرییەوە، ئەو

هونەرمەندانەی کاری ئەپستراکت دەکەن پێویستە ئاگایان لەشێوازەکانی تری کارکردنی هونەریی بێت، نەک لەخۆیانەوە بچنە سەر کاری تازە و ئەپستراکت، پێم وابێت ئەم شێوازە لەگفتوگۆی کارکردنی هونەریی هونەرمەند ئێستا لەکوردستان بازاڕی گەرمەو پێویستیشە لەسەر هونەرمەند ئەو تایبەتمەندییانە بپارێزێت و بزانێت چۆن کاری هونەریی دەکات و لەسەر چ بنەمایەک کاردەکات.

*** تۆ بۆخۆت لەو سێ ڕەگەزەی کە ئاماژەتان پێدا (هێڵکاری تابلۆ، بابەت، ڕەنگ) کامیان زیاتر گرنگی پێدەدەیت لەتابلۆکانتا و ڕەچاوی دەکەیت لەکاتی کارکردنی هونەریدا؟**

- هەرسێکیان گرنگە، بەڵام زیاتر ڕەنگ، حەزناکەم باسی خۆم بکەم، بەڵام من بەهونەرمەندی پڕ لەڕەنگ ناسراوم، هەندێ جار هونەرمەندە ئەوروپییەکان کە تابلۆکانم دەبینن ئەوەم پێدەڵێن کە تۆ ئەو هەمو ڕەنگە چییە لەو تابلۆیانەدا دات ناوە، لەبەر ئەوە زۆر حەزم بەڕەنگە، نەک لەکاری هونەرییدا، بەڵکو لەژیانی ئاسایی خۆشمدا، چونکە ڕەنگە پەیوەندییەکی زۆری بەباری دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەو هونەرمەندەوە هەیە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بۆیە تۆ کە بەرهەمی هونەریی هونەرمەندێکیش دەبینیت یەکەمین شت کە ئەو هونەرمەندە جیادەکاتەوە لەهونەرمەندێکی تر چۆنییەتی دانانی ڕەنگەکان و پارێزگاری کردنە لەڕەنگی پاک و تایبەتمەند ئەوسا دێتە سەر بابەت و فیگەر و تەکنیک و ڕەگەزەکانی تر، ڕەنگە ئەمەش لەهونەرمەندێک بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت.

**«هونەرمەند عەتا قەزاز، یەکێکە لەهونەرمەندە بەئەزمون و ناودارەکانی کورد، لەساڵی 1947 لەسلێمانی لەدایکبوە، ساڵی 1970 بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدادی تەواوکردوە، ماوەی زیاتر لەسی ساڵە لەئەوروپا دەژی، سەرەتا لەئیتالیا، لەوێ بەشی شێوەکاری لەساڵی 1984 تەواوکردوە، ساڵی 1988 بەشی پەیکەرسازی تەواوکردوە، دوای ئەوەیش چوەتە بەریتانیا و لەوێ دەژی، تا ئێستە بەشداری سەدان پێشانگەی هونەری هاوبەش و تایبەتی لەوڵاتانی ئەوروپا کردوە.»**



عەتا قەزاز لەبەردەم پەیکەری پیرەمێرد - 1970



عەتا قەزاز پێشانگەی تایبەت لە سلێمانی - 2011

# ئەزموونی عەتا قەزاز




١٩٧١



























100x100 cm acrylic on canvas 2006 mamw zin



100x90cm oil -acrylic on canvas 2008 peshmargakan



110x90cm oil -acrylic on canvas 2008 daeky nishtman



110x100cm  oil -acrylic on canvas 2008 kimyabaran halabjay



110x100cm oil -acrylic on canvas 2008  kimyabaran halabjay



110x100cm  oil -acrylic on canvas 2008  pishmarga



90x70cm oil -acrylic on canvas 2009 shahedkrdny azade xwazan



110 x90 cm oil -acrylic on canvas 2009  drwstbwnawae shorshe new



110x110cm oil -acrylic on canvas 2008 gal


120x110cm oil -acrylic on canvas 2008 berkrdnawa



120x110cm oil -acrylic on canvas 2008   kezhane kurd



120x110cm oil on canvas 2008   mamu zin 2



110x120cm oil on canvas 2008   kochariyakan



120x110cm oil on canvas 2008 daykm




120x90 cm oil on canvas 2008   mnw xak



130x110cm oil on canvas 2008   mnw daykm



130x110cm oil on canvas 2008 mnalany kurdy bakur



118- 110x100cm oil on canvas 2008 darbadare


110x100cm oil on canvas 2008 nawroze kurd



120x80cm oil on canvas 2008 peshmarga



110x100cm oil on canvas 2008 darweshakan



120x100cm  oil -acrylic on canvas 2008 misopotamia u ashty



60x35 cm oil on canvas 2008 bawkm



70x40 cm oil on canvas 2008 daykm



100x90cm oil on canvas zhnw neshtman



50*60 cm - zait lasar kanvas - mamo zin - dwaiamin malawayi



100x80 oil on canvas 2009 drwstbwnawae shorsh



100x70  oil on canvas 2009 kurdw rawkrdn



100x100 cm oil on canvas 2009 karnavale venesya



100x100cm acrylic on canvas 1991 koraw



80 * 90 cm - zait o acrylic on canvas - razek ba kasek bley



100x100cm acrylic on canvas 1991 koraw



60x170cm oil lasar faebar 1965 rozhane nawroz


110x120cm oil on canvas 1991 peshmarga



110x120cm acrylic on canvas kurd la mezhwda



90 * 100 cm - zait on acrylic lasar kanvas - mask karakan

KUDUSTAN SCOOLE .
-IN ITALY PERUGIA ,VERONA,
PARONA,CAORLE,SPOLETO ,SPELLO,SANTA MARIA DEGLI

ANGELI, ROMA,SIENA,FLORENZ,RIMINI,
-IN ENGLAND BIRMINGHAM ,COVENTRY,LONDON.

COLLECTIV EXHIBITIONS

-1974 KURDUSTAN RAYAT WITH ,ASSO OMAR,NOORY ISMAEEL,ALI JOLA,
SIMKO TOFIK,BESTUUN ABDULKADER,KAMIL MOSTAFA,KAMAL ABDULLA,
GIAMAL BAXTYAR,NOORY HUNAR,ANWAR TOOFY,KAK JALAL U KAK GIAMAL
FOTOGRAFER.
- ALL OF THE EXHIBITIONS FROM THE KURDISH ARTISTS IN ITALY AT THAT TIME.
- MEMBER OF THE IRCHKIAN ARTISTS.
-MEMBER OF THE KURDISH GROOP CULTURE AND ARTS.
-MEMBER OF THE KURDISH ARTISTS IN ITALY.

ATA KAZAZ

- 1947 BORN IN SULAIMANIA KURDISTAN-IRAQ.
- 1970 DIPLOM OF FINE ARTS INSTITUT OF BAGDAD.
- FROM 1970-1979 TEACHING THE FIN ARTS IN SULAIMANIA CITY..
- 1979 VIST ITALIA,AND BIGINING STUDE OF FINE ARTS IN PERUGIA.

  IN ACCADEMY OF FIN ARTS,FOR YEARS.
- 1984-DIPLOM OF FINE ARTS ACCADEME OF FINE ARTS PERUGIA.
- 1988-DIPLOM OF SCULPTURE ,ACCADEME OF FINE ARTS PERUGIA ..
- FROM 2000 LIVE IN UNITED KINGDOM IN COVENTRY CITY.

PERSONAL EXHIBITIONS

- ALL OF THE EXHIBITIONS OF THE SCOOLS IN SULALIMANA CITY.
- 1969 AN EXHIBITION BAGDAD FAYAK HASAN GALERI INSTIYUTE OF FINE ARTS.
- ALL THE EXHIBITIONS OF THE KURDISH ARTISTS IN SULAIMANIA CIYY

  AFTER 1970 TO 1979..
- AN EXHIBITIONS WITH KURDISH GRUP GERMANY BERLIN.
- ALLOTOF EXHIBITIONS IN SULAIMANIA CITY.GUYZA SCUL,HOTEL SALAM,

# *Ata Kazaz*

Baktyar Saeed

2012